

# خاتوو سریلە بۆ کوێ؟

**ئەفسانە شەعبان نژاد**
**لە فارسییەوە: خاڵند ئەحمەدی**
**(بۆکان)**

هەبوو، نەبوو. لە گۆشەی مەرزایەکی سەوز و زەنوێردا، جاڵجاڵووکەیەک لەگەڵ بەردەستەکەی خاتوو سریلە دانیشتبوون.

چییان دەکرد؟ بۆ هاوسێکانیان، جلوبەرگیان دەچنی. جلی هەمەڕەنگ، ئاڵووالا، یەکێ زەرد، یەکێ سەوز، نەخشێک لە ڕەنگی گوڵان و نەخشێک لە ڕەنگی زەریا.

هەموو ڕۆژێ کاری جاڵجاڵووکە و خاتوو سریلە هەر ئەوە بوو.

ئەوان بە بەنە خوری لیباسیان دەچنی و بە گۆرانی دەیانگوت:

**دانیشتووینە بەشادی**
**دەچنین جلوبەرگی جوان**

**یەکێ لە ڕەنگی زەریا**
**ئاڵ و زەرد و سپی و سوور**

**چەن خۆشە ماڵ و حاڵمان**
**بەهێزی شان و باڵمان**

**یەکێ وێنەی سارا بی**

**لیباس دەبێ ئاوا بێ**

بەڵام ڕۆژێ گلۆڵەی خورییەکەیان تەواو بوو.

جاڵجاڵووکە بە شاگردەکەی خاتوو سریلەی گوت: «سریلە گیان خۆشەویستەکەم زووکە بڕۆ بەنم بۆ پەیاکە، بەنم لێ براوە.

خاتوو سریلە بێ ئەوەی لێی بپرسێ لەکوێ، لە چ کەسێ؟ ملی ڕێگا دەگرێ و دەڕوا.

خاتوو سریلە، دەگاتە نیوەی ڕێ لەناکاو وەبیری دێتەوە ئەرێ خۆ لە جاڵجاڵووکەم نەپرسی بچم و لە کێ خوری و بەن وەرگرم؟ خاتوو سریلە لەبەرخۆیەوە گوتی: «خۆ چ نەبووە، تووشی هەر کەسێ بووم لێی دەپرسم، گەیشتمە دەرکی هەر ماڵێ، لە دەرکە دەدەم. خاتوو سریلە کەم ڕۆیی، زۆر ڕۆیی تا گەیشتە ماڵێک. چووە پێشێ لە دەرگای دا. تەق، تەق، تەق، کەسێ وڵامی دایەوە:

«کێ بوو؟»

خاتوو سریلە گوتی:

**ئەی تۆ لەپشتی دەرکە**

**خوری جوانم دەوێ من**

**خورییەکەت لۆلۆیە و جوان**

**لە گش ڕەنگێ بەقوربان**

بەڵام ئەوەی دەرگای کردەوە مریشک بوو. مریشکەکە گوتی: «قرت، قرت، قرت، تۆ لە کوێ و ئێرە لە کوێ سریلەخان؟ جوان بڕوانە خۆ من خوریم نییە پەڕ و باڵم هەیە، تۆش خوریت گەرەکە، دەبێ بڕۆی بۆ جێگایەکی تر.»

خاتوو سریلە خواحافیزی لە مامریش کرد و ڕۆیی تا گەیشتە ماڵێکی دی و لە دەرگای دا تەق، تەق، تەق.

یەکێ وڵامی داوە: «بەڵێ فەرموو کێ بوو؟»

خاتوو سریلە گوتی:

**ئەی تۆ لەپشتی دەرکە**

**خوری جوانم دەوێ من**

**خورییەکەت لۆلۆیە و جوان**

**لە گش ڕەنگێ بەقوربان**

بەڵام کەسێک کە دەرگەی کردەوە، مانگابۆر بوو. کاتێ خاتوو سریلەی دیت، بە پێکەنینەوە گوتی: «خاتوو سریلە چاو لە پێستی ئەستوور و بێ خوریم کە، دەنکەدەنکە مووم هەیە، خەجاڵەتم خوریم نییە بتدەمێ.»

خاتوو سریلە خواحافیزی لە مانگاش کرد، کەم ڕۆیی، زۆر ڕۆیی، تا تووشی ماڵێکی دیکە بوو هەمیسان لە دەرگای دا. تەق، تەق، تەق.

کەسێ لەپشت دەرکە بوو، وڵامی داوە: «ئەوە هاتم کێ بوو؟»

خاتوو سریلە گوتی:

**ئەی تۆ لەپشتی دەرکە**

**خوری جوانم دەوێ من**

**خورییەکەت لۆلۆیە و جوان**

**لە گش ڕەنگێ بەقوربان**

بەڵام کەسێ کە دەرگەی کردەوە پشیلەی خەواڵوو بوو. باویشکێکی هاتێ و گوتی: «سریلەگیان، چاولێکە، من مووم هەیە، بەڵام خوریم نییە، من ناتوانم خوریت دەمێ.»

خاتوو سریلە بە ناڕەحەتییەوە خواحافیزی لە پشیلە کرد و ڕۆیی.

هێندە ڕۆیی تا ماندوو و هیلاک بوو. لە قەراغ جۆگەلەیەک دانیشت، نێوجۆگەکە ماسییەکی تێدابوو. پەڕییە سەرێ و پەڕییە خوارێ و لە سریلەخانی پرسی: «چی ڕووی داوە؟ بۆ ئەوەندە پەرۆشی؟»

خاتوو سریلە کاتێ ماسی دیت ئەسرینەکانی پاک کردەوە و گوتی: «هاتووم بۆ خوری تا بۆ جاڵجاڵووکەی بەرم. تۆ نیتە خوریم دەییێ؟»

ماسی دوای برێک هەڵبەز هەڵبەز زۆر پێکەنی. برێکی بیر کردەوە و گوتی: «ناوەڵڵا نیمە سریلەخاتوون چاولێکە پووڵەکەم هەیە، ئەو پووڵەکە چکۆلانە، خوریم نییە ناتوانم خوریت دەمێ.»

خاتوو سریلە ماندوو و هیلاک بوو. ویستی بەدەستی خاڵی بگەڕێتەوە، لەڕووی هەڵنەدەهات.

ئەگەر بەدەستی خاڵی گەڕاباوە، بۆ خۆی و جاڵجاڵووکەش بێکار دەمانەوە، چونکە بەنیان لێ بڕابوو، نەیاندەتوانی لیباس بچنن.

خاتوو سریلە بە بیرکردنەوە دەڕۆیشت تا لە ناو بژوێنێک تووشی زیندەوەرێ بوو کە دەلەوەڕا. لێی چووە پێش، جوان چاوی لێکرد ئەوەی دەلەوەڕا خوری هەبوو، ئەویش چ خورییەک، سپی و گەش و لۆلۆ و جوان.

خاتوو سریلە بەخۆشییەوە هەڵات بۆلای و گوتی:

**ئەی ئەوکەسەی دەخۆی گیا**

**ڕێگەی دوورم بڕیوە**

**تا بیبەمەوە ماڵێ**
**لە مێژە چاوەڕوانە**

**خورییەکەت لۆلۆیە و جوان**
**خوریم دەوێ بەقوربان**

**جاڵجاڵووکەی هاواڵم**
**قەزات کەوێ لە ماڵم**

ئەوەی دەلەوەڕا مەڕە سپی بوو.

مەڕە سپی، لە خاتوو سریلە نزیک بۆوە چاوی لێ کرد بەڵام نەیگوت: «من خوریم نییە.»

بە پێکەنینەوە گوتی: «فەرموو»، پاشان گوتی:

**سریلەگیان بەخێربێی**
**چاو لە خوری لەشم کە**

**یەکێ لە ڕەنگی گوڵە**
**یەکێ لە ڕەنگی دەریا**

**تۆ چیت دەوێ گیانەکەم**
**بە تریفەی مانگەشەو**

**ماڵی ئەمن لێرانە**
**چەنێ ڕەنگین و جوانە**

**یەکێ لە ڕەنگی ئاوە**
**یەکێ لە ڕەنگی تاوە**

**پێم بڵێ چیت گەرەکە؟**
**ڕووناکە ئەو گەرەکە.**

ئەو جـار درێژەی پێ دا و گـوتی: «پێم ناڵێی چیت دەوێ؟»

خاتوو سریلە گوتی:

**«من خوری جوانم دەوێ**
**لە گش ڕەنگانم دەوێ.»**

مـەڕ خـوری جـوان و ڕەنگاوڕەنگی لە مـاڵێ هەبوو، بەشی خاتوو سریلەی دا.

خاتوو سریلە بەخۆشییەوە بۆلای جاڵجاڵووکە گەڕاوە.

جاڵجاڵووکە بە گەڕانەوەی سریلەخان زۆر دڵخۆش بوو و گوتی:

**«خوریت هێناوە لە کوێ؟**
**دەک ڕەبی دەستت خۆش بێ!»**

خاتوو سریلە گوتی:

**«بۆم هێناوی خوری باش**
**لە کن مەڕە سپی واش.»**

بە کەیف خۆشییەوە دانیشتبوون و کراسیان دەچنی و گۆرانیان دەگوت:

**دانیشتووینە بەشادی**
**دەچنین جلوبەرگی جوان**

**یەکێ لە ڕەنگی زەریا**
**سوور و سپی و سەوز و زەرد**

**چەند خۆشە ماڵ و حاڵمان**
**بەهێزی شان و باڵمان**

**یەکێ دەڵێی سارایە**
**جوانە، وەک گوڵ وایە**

**پەراوێز:**
**سریلە: سیسرکە**

**سەرچاوە:**
**خانم سوسکە کجا می ری؟ افسانە شعبان نژاد، ۱۳۷۰، کودک و نوجوان**